# ئیكۆلۆژیا و سروشت
# لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

**م. ی. سۆران مامەند عەبدوڵڵا** **پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**
بەشی کوردی – کۆلیژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین
soran.adullah@su.edu.krd mawlud.hassan@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی ( ئیکۆلۆژیا و سروشت لە شیعری هاوچەرخی کوردی)دا، کراوە. وەک ئاشکرایە رەخنەی ئیکۆلۆژی لە نێوان بیردۆزەکانی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ و کلتووردا شتێکی بێهاوتایە، چونکە پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ زانستی ژینگەناسیدا هەیە. رەخنەی ئیکۆلۆژی لەکۆتایی سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیی نێوان ئەدەبیات و ژینگەی فیزیکی و ژینگەی کۆمەڵایەتی. رەخنەگری ئیکۆلۆژی قەیرانە ژینگەییەکان لەبەرچاو دەگرێ. لە سادەترین پێناسەی رەخنەی ئیکۆلۆژی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی مرۆڤ و جگەلە مرۆڤ لە ڕێگەی مێژووی ژینگە و کلتووری مرۆڤ و ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە و پێکهاتەکانی هەیەتی؛ لەم توێژینەوەیە جگە لە باسکردنی گرنگی روانگەی ئیکۆلۆژییانە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، بە کورتی ئاماژەکراوە بە هەندێک ڕاوبۆچوونی گرنگی توێژەر و نووسەرانی بیانی و کورد دەربارەی مەترسییەکانی ژینگە کە ئەمڕۆ جیهان ڕووبەڕووی بووەتەوە، لەناو ئەدەبیات چۆن خراوەتەڕوو و کاری لەبارە کراوە. بۆیە گرنگە بۆ ئێمەش بزانین ئەدەبیاتی کوردی و شاعیرانمان چۆن هەستیان بەو مەترسییە ژینگەییە کردووە،

کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە ئەنجامدەدرێت و لەسەریشی بەردەوامن؛ چۆن لە دەقەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە.

**وشە سەرەکییەکان:** ئیکۆلۆژیا، سروشت، ئەدەبیات، شیعری هاوچەرخی کوردی، قەیرانی ژینگەیی.

**پێشەکی:**

گۆڕانکارییە یەک بەدوای یەک و خێراکانی شارستانییەت و جیهان بەگشتی و مرۆڤایەتی بەتایبەتی ئەو بەرەوپێشچوونە لەناکاو و خێرایەی تەکنەلۆژیا بەهەموو ئامێر و ئامرازە پیشەسازی و پزیشکی و جەنگی و تەنانەت تا دەگاتە نانۆ تەکنەلۆژیش، کێشە و گرفتەکانی مرۆڤیان زیاتر و زۆرتر کردووە، بەتایبەتی لەبواری ژینگە و سروشتەوە؛ کێشە زۆر و لەبن نەهاتووەکانی ئەم سەدەیە کە سەدەی بیست و یەکە بەرهەمی چالاکی و چاوچنۆکی مرۆڤن، کە چۆنیەتی ژیانی مرۆڤەکان و بوونەوەرەکانی دیکەی سەر ئەم زەمینەی خستووەتە مەترسییەوە، چونکە هەرچەند شارستانییەت و تەکنەلۆژیا بەرەوپێش بڕۆن و شاری گەورە و پیشەسازی گەورە بێتەکایەوە، گرفت و کێشەکانی ژینگە و سروشتیشی ڕوو لە زیادبوون دەکات؛ لە ئێستادا گەیشتووەتە ئاستێک بووەتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر خودی مرۆڤ و تەندروستی مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکەی جگە لە مرۆڤ.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوە:** تاوەکو ئێستا وەک پێویست ئاوڕ لەم لایەنەی شیکردنەوەی شیعری لەڕوانگەی ژینگە و ڕەخنەی ئیکۆلۆژییەوە نەدراوەتەوە و نەخراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان خستنەڕووی کاریگەری و وێرانکارییەکانی مرۆڤ بۆ سەر ژینگە و تەنانەت خودی مرۆڤ خۆی؛ ڕەنگدانەوەی ئەو مەترسییە ژینگەییانە لەناو دەقی شاعیرانی هاوچەرخدا.

**سنووری توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوە لە سنووری ئەدەبی هاوچەرخی کوردی و زاری کرمانجی ناوەڕاست لە ڕوانگەی ژینگە و سروشتەوە، ئەنجامدراوە. لەناو ئەم شاعیرانە تەنیا ( لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد، جەمال غەمبار، قوبادی جەلی زادە، ڕەفیق سابیر، دلاوەر قەرداغی)مان، بەنموونە وەرگرتووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە بە میتۆدی ژینگەناسی و رەخنەی شیکاری کاری لەسەرکراوە، بۆ چەمک و زاراوەی ژینگە، بوارە جیاجیاکانی سوودمان لە میتۆدی زانستی ژینگەناسی وەرگرتووە، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکانیش پەنامان بردووە بۆ رەخنەی شیکاری، لەهەندێک شوێنیش هەردوو میتۆد ئاوێتەی یەکتر دەبن.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە بەناونیشانی ( ئیکۆلۆژیا و سروشت لە شیعری هاوچەرخی کوردی)دا، ئەنجامدراوە. لە پێشەکیەک و سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم: خۆی لە چەمک و زاراوەی ئیکۆلۆژی و چەند راوبۆچوونێکی جیاواز لەسەر ژینگە، دەبینێتەوە. لەتەوەری دووەمدا: باس لە ئیکۆلۆژی لەڕوانگەی نووسەر و توێژەرانی بیانی و کوردی کراوە. تەوەری سێیەمیش: تەرخان کراوە بۆ هێنانەوەی نموونەی شیعری بەشێک لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردی. لەکۆتاییشدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتووین، کە بەخاڵ خستوومانەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە هەردووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## تەوەری یەکەم
## چەمک و زاراوە و پێناسەی ئیکۆلۆژی/ ژینگە

کارکردن لەسەر ژینگە و پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ژینگە سیستەمێکی ئاڵۆز و فرە رەهەندە و پێکهاتەی جیاوازی لەخۆ گرتووە، بۆیە پێناسەی ژینگە بە گوێرەی زانست و لە بوارە جیاجیاکان و لە لایەن زانا و پسپۆرانی بایۆلۆژی و فیزیا و کیمیا و رووەکناسی و ژینگەپارێزان و فەلسەفە و سروشت و دیاردەناسی و جوگرافیا و ئابووری و سیاسەت.....تاد، دەگۆڕێت و واتا و دەلالەتی هەمەچەشن لەخۆ دەگرێت. ئەویش لەسەر بنەما و پێداویستی ژیار و ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و شارستانییەت و کلتووری و تەندروستییەوە دەبێ و چەمکی جیاواز دەگەینێت. کەواتە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە ژینگە پەیوەندی بە هەموو بوارەکانی ژیانەوە هەیە، چونکە ژینگە لە سادەترین چەمکدا بریتییە لە شوێن و مەنزڵگەی حەوانەوە و کارکردن و پێکەوە ژیانی مرۆڤ و دەوروبەریەتی لە سەرەتای ژیانەوە تاوەکو ئێستاش.

**ئیکۆلۆژی/ژینگە لە رووی وشەییەوە:**

ژینگە، یان ئیکۆلۆژی زانستێکی ژینگەناسییە و زانای ئەڵمانی ناسراوە بە (ئەرنست هێگڵ / Ernest Heegl) بۆ یەکەم جار زاراوەی ئیکۆلۆژی (Ecology) بەکارهێناوە لە ساڵی ١٨٦٦ لە کتێبی (مێژووی دروستبوون/ The History Greation) بەکارهێناوە، کە ساڵی ١٨٧٦ بڵاویکردووەتەوە. **(سلێمان، ٢٠١٢: ٥ ).** وشەکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە لە دوو بەش پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە: (Oikos) کە واتای ماڵ، یان شوێنی نیشتەجێبوون (Home) دێت، وشەی (Logos) بە واتای زانست (Study) دێت. هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە دەبێتە زانستی ئیکۆلۆژی /زانستی ژینگەیی.**( Odum, 1971,13 ) .**

ئەرنست هیگڵ ئەم زاراوەی لەژێر کاریگەری بیردۆزەکەی "چاڵس داروین/ داروینیزم داناوە، کە بەناوی( بنەڕەتی جۆرەکان/ The Origim of Species) کە ساڵی (١٨٥٩) نووسیویەتی. ئەم کتێبە باس لە دروستبوون و پەرەسەندنی قۆناغەکانی ژیان و مرۆڤ دەکات، دەتوانین ئەم کتێبە بە یەکەم بنەمای زانستی دەربارەی ئیکۆلۆژی دابندرێت.

وشەی ئیکۆلۆژی لە فەرهەنگە ئینگلیزیەکاندا دوو زاراوەی بەیەکداچووی بۆ بەکارهاتووە، کە ئەوانیش زاراوەی (Environment) و زاراوەی (Ecology) یە. زاراوەی ( (Environment) کە لە وشەی فڕەنسی ( Environner) هاتووە و بە واتای دەوروپشت، یان دەوروبەر، کە بریتییە لەو بارودۆخەی دەوری گیاندارانی داوە بە مرۆڤیشەوە لەڕووی هۆکارەکانی کەشوهەوا و خواردن و خواردنەوە و گازە جۆربەجۆرەکان و گرتن و کوشتن و راوکردن لەناو کۆمەڵگە و تەنانەت باری رۆشنبیری و تەکنەلۆژیا و سیاسەتیش خۆی لەناو ئەو ژینگە بەرفراوانە دەدۆزێتەوە لەبەرگی زەویدا، کە (Environment )ە **(Kerbs,1978, 25)**. بەواتایەکی دیکە، هەموو ئەو بارودۆخ و کاریگەرییە دەرەکیانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ و بوونەوەرە زیندوو و نازیندووەکان (دارودرەخت و سەوزایی و ئاو و هەوا و هەموو سروشت) هەیە، بەڵام زاراوەی ئیکۆلۆژی (Ecology)، بە زانستی ژینگە دەناسرێت، ئەمە یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی زانستی بایۆلۆژی و پسپۆڕانی ئەم زانستە لەلایەک لێکۆڵینەوەی لەو پەیوەندی و کارلێکە هاوبەشەییە دەکەن، کە لەنێوان بوونەوەرە زیندووەکاندا خۆیان لەگەڵ یەکتریدا ڕوودەدات، لەلایەکی دیکەوە لەنێوان ئەو بارودۆخە ژینگەییەی کە دەوریداون.**( ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٢)**. لە زمانی عەرەبیشدا ( علم البيئة)، یان ( البيئة)ی بۆ بەکارهاتووە، کە بەواتای ماڵ و شوێنی حەوانەوە دێت. **(ابن منظور، ٢٠٠٣،؟)**.

**ئیکۆلۆژی/ ژینگە لە رووی زمانییەوە:**

ژینگە بە واتا زمانییەکەی، (بریتییە لەو جێگەیەی کە مرۆڤ بۆی دەگەڕێتەوە و دەیکات بەماڵی خۆی و شوێنی گوزەرانی، ڕەنگە پەیوەندیی ژینگە بە واتای ماڵ، یان خانوو کۆمەڵێک واتای روون ببەخشێت و یەکێک لەو واتایانەش ئەوەبێت کە دڵی بوونەوەر وابەستەی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون بێت). **(ربیع، ٢٠١٤، ٩).** هەندێک جار ئەم زانستە بە زانستی نیشتەجێبوون، یان ئیکۆلۆژی ناسراوە، ئەمەش ئاراستەیەکی زانستییە و چەندین بوار دەگرێتەوە، لەلایەک توێژینەوە لە یاساکانی پەیوەندیی نێوان ئەندامییەکان ( رووەک و ئاژەڵ و ئادەمیزاد) لەگەڵ یەکتریدا دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی (رووەک و ئاژەڵ و ئادەمیزاد) لەگەڵ ژینگەدا.

بە بۆچوونی هیگڵ بەکارهێنانی زاراوەی ئیکۆلۆژی و توێژینەوەکردن لەم بارەیەوە، (( مانای دروستبوونی (بیۆلۆژیایەکی نوێ) دەگەیێنێت، یان ئاراستەیەکی تازە لە زانستی بیۆلۆژیا دێنێتە کایەوە. )) **(سلێمان، ٢٠١٢، ٥).** کەواتە زانستی نوێی ژینگە بە دید و بۆچوونێکی دیکە و جیاواز لە توێژینەوە ئاساییەکاندا، لە ئێستادا شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ هەموو لایەنەکانی ژینگە بە مرۆڤیشەوە دەکات، کە بەرگە زەوییان پێکهێناوە و بوونەتە پێکهاتەی ئیکۆسیستەم.

لەنێوان ئەو وشە و زاراوانەی بۆ ژینگە و زانستی ژینگە بەکارهاتوون ئاڵۆزی و تێکەڵییەک هەیە و لە هەندێک شوێن و کات جیاوازن، بەڵام (Environment) بەواتە ژینگەییەکەی بریتییە لە کۆمەڵێک سیستەمی سروشتی و کۆمەڵایەتی، کە بوونەوەرە زیندووەکان تیایدا دەژین و ئەوەی کە پێداویستییەکانی لێ وەردەگرێت و چالاکییەکانی تێدا بەجێدەگەینێت. کەواتە چ ژینگە وەک ئیکۆلۆژی و چ وەک ژینگەی دەوروبەر environment

واتاکانیان لەیەکتر نزیکن و تێکەڵ بەیەکتر بووینە و دواجار زاراوەی ئیکۆلۆژی Ecology لێ هاتووەتە بەرهەم، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانستی ژینگەیی و گرینگیدان بە ژینگەوە، ئەم چەمکە شوێنی خۆی گرتووە و بە فراوانی بڵاوبووەتەوە و بووەتە چەمکێکی جیهانی و لەناو هەموو زمانەکاندا بەکاردێت لە توێژینەوە و بوارە جیاجیاکاندا، وەک: ئیکۆلۆژی ئابووری، ئیکۆلۆژی سیاسی، ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی، ئیکۆلۆژی زمانەوانی و پەروەردەیی، ئیکۆلۆژی پزیشکی، بایۆلۆژی، زیندەوەرناسی، مێژوویی، فەلسەفی، ئیکۆلۆژی ئەخلاقی، فەلسەفی، تا دواجار هاتووەتە ناو بواری ئەدەب و ئەدەبیاتەوە و لە توێژینەوە و رەخنەیی نوێدا بووەتە بابەتێکی رەخنەیی بەناوی رەخنەی ئیکۆلۆژیەوە. کەواتە لێرەدا بە پێویستی دەزانین، کە چەند پێناسەیەکی ئیکۆلۆژی/ژینگە لەڕوانگە جیاوازەکانەوە بخەینەڕوو:

"ریمێرت / Remmert ١٩٨٠" لەبارەی پێناسەی ژینگەوە، دەڵێت: ((دەکرێ پێناسەی ژینگە بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک بکرێت:

- کێ لە کوێ دەژی ؟ کێ چی دەخوات ؟ کارتێکردنی نێوان دوو گیاندار چۆنە ؟ بە چ هۆکارێک ژیان لە بارودۆخی خۆی تێکدەچێت؟!)) **(عزیز، ٢٠١٧، ١)**. ئەگەر سەیری ئەم پێناسەیە بکەین دەبینین پەیوەندییەکی ئاڵۆز و نەبڕاوە هەیە لەنێوان پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی سەر ئەم زەمینە، هەر شتێک جا مرۆڤ بێ، یان غەیرە مرۆڤ پێویستی بە شوێنێکە وەک ژینگەی ژیانی لێ بژیت، پاشان هەوڵدەدات سەرچاوەی بژێوی و مانەوە پەیدا بکات، بۆ ئەمەش ململانێی مانەوە و خۆ زاڵکردن و بەدەستهێنانی زیاتر دێتە ئاراوە، بەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆکار و سەرچاوە مرۆیی و نامرۆییەکان لە سیستەمی ژینگەییدا. هەروەها پێناسەی ئیکۆلۆژیا لەڕووی زانستییەوە: وەک ئاماژەمان پێدا ئیکۆلۆژیا واتە ماڵ، یان ئەو شوێنەی مرۆڤ تیایدا نیشتەجێ

دەبێت کەواتە لە ڕووی زانستییەوە و چەمکە زانستییەکە بریتییە لە گرینگیدان بەفێربوون و توێژینەوەکردن لەبارەی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان پێکهاتەکانی ژینگەدا بەهەموو جۆری بوونەوەرە زیندووەکانیەوە مەبەست ئاژەڵ و ڕووەک و ئادەمیزاد و لەنێوان پێکهاتە بێ گیانەکانی ژینگە مەبەست لێی (خاک و ئاو و گازەکانی ئاسمان و تیشکە گەردوونییەکان و ئەستێرەکان.....تاد) هەیە. **(سلێمان، ٢٠١٢، ٤).** هەروەها زانین و فێربوونی یاسا و بنەماکانی کە کار لەسەر ئەم پەیوەندییانە دەکەن و هاوسەنگییان دەپارێزێت و کارلێکبوون لەنێوانیاندا هەیە.

هەروەها ئەم زاراوەیە لەبواری نوژداری (پزیشکی) و سایکۆلۆجیای بیناسازی و دیزاین و جوگرافیایی و مرۆڤیشدا بەکارهێنراوە، (لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئاکامی سەرهەڵدانی چەندین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەبواری ژینگەدا ئەم زاراوەیە بۆ پاکژی ژیانی مرۆڤ و گەردوون بەکارهێندرا، بەتایبەتی لەلایەن ڕێکخراو و بزووتنەوە سەوزەکانی لە ئەوروپا کە بایەخیان بەئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژیای شارنشینی و گوندنشینی دەدا ). **(ئەسوود، ٢٠١٥، ٨٠).**

کەواتە دەکرێت بڵێین: سەرجەم ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دروستبوون و بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ، لە چوارچێوەی سروشتی و ژیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەروونی و سایکۆلۆژی و کەشوهەوا و جوگرافی و دەوروبەر...تاد، کە کاریگەری لەسەر مرۆڤدا دەبێت و مرۆڤیش کاریگەری لەسەریان دەبێت، ئەوەش پێیدەڵێن ژینگە.

## تەوەری دووەم
## ئیکۆلۆژی/ ژینگە لە ڕوانگەی ئەدەبیاتەوە

بێگومان ئەدەب و ئەدەبیات لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە بەرهەم دێت کە بەشێکە لە پێکهاتەی ئەو ژینگەی تیایدا دەژیت و کاریگەری دەکەوێتە سەر و کاریگەریش دروست دەکات، لێرەوە توێژینەوەی رەخنەیی و ئەدەبی هەموو ئەو شتە ئاشکرا و نهێنییانەی ژینگە و مرۆڤ و زیندەوەر و نازیندوومان بۆ کەشف دەکات و رۆڵ و گرینگی ئەدەب و دەقە ئەدەبییەکان نیشان دەدات. بەدوای هەموو ئەو پێکهاتە ورد و گەورانەوەیە، کە بەشێکن لە سیستەمی ئیکۆلۆژی، کە ئیکۆسیستەم/ی پێدەڵێین و ژیانیان پێکهێناوە و بەرپرسن لە هاوسەنگی ژیان وەک: دارستانەکان، ئاسمان و مانگ، ڕۆژ، ئەستێرەکان، ئاژەڵە ماڵی و ئاژەڵە دڕندەکان، کەشوهەوا پێکهاتەکان بەرگە هەوا پیسبوون و ژمارەی دانیشتووان و ڕادەی هەژاری و گوزەرانی تاک و کۆمەڵگە و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت تەندروستی و وەرزشی...تاد. حاڵەتی دەروونی و کەسایەتی تاک و هۆشیاری تاک و پەروەردە و قوتابخانە و هەموو ئەو شتانەی لەسەر ڕووی ئەم زەمینە لە ماددی و مەعنەوی بوونیان هەیە دەگرێتەوە. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کەوا ئیکۆلۆژیا بێتە ناو توێژینەوە ئەدەبییەکان و ببێتە میتۆدێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەناوی رەخنەی ئیکۆلۆژی لە ئەدەبدا، یان ئیکۆلۆژیای ئەدەب، چونکە لە کۆتای سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، پۆلینکردنی زانستی ئیکۆلۆژی فراوان بوو هەموو بوارێکی گرتەوە، وەک: " ئیکۆلۆژیای مرۆیی و ئیکۆلۆژیای ئاژەڵناسی و رووەک و زیندەوەران و ئیکۆلۆژیای کۆمەڵناسی/ کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئیکۆلۆژیای دەروونشیکاری و ئیکۆلۆژیای رامساری و سیاسی و ئیکۆلۆژیای فەلەکناسی و ئیکۆلۆژیای ئەتۆم.....تاد، دواجار لەبواری زمانەوانی ئیکۆلۆژیای

زمانەوانی / Eco Linguistics و لەبواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئیکۆلۆژی/ Ecocriticism لێ هاتە کایەوە و بووە قوتابخانەیەکی ڕەخنەی گرینگ و سەردەم لە بوار و توێژینەوە ڕەخنەییەکان.

ئەم مەترسی و کاریگەرییە ئەرێنییە و نەرێنییەی ئێستای ژینگە، لەناو هەموو ئەدەبیاتی جیهانیدا جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردنە و بووەتە بابەتێکی گرینگ و فراوان لەناو دەقە جیاجیاکانی ئەدیباندا تەوزیفکراوە و پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، بەتایبەتی ئەدەبی ئەمریکی و ئەورووپی، ئەوەتا نووسەر و ئەدیبێکی وەکو "ت. س. ئیلۆت" (T.S.Eliot, 1922) وەک شاعیرێکی نوێ و هاوچەرخی ئینگلیزی لەسەر پەیوەندی و ڕەنگدانەوەی سروشت و ژینگە لەشیعردا، لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا کە بەناوی (وێرانە خاک) (The waste Land) ناوبراو نۆبڵی لەسەر ئەم قەسیدەیە وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی لەم دەقەدا ( ڕەخنە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەگرێت و بە ڕای ئەو مرۆڤی هاوچەرخ سروشتی لە خزمەتی خۆیدا بەکارهێناوە و زیاتر کاری پیشەسازی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی زەوی، بۆیە سروشت سزامان دەداتەوە، هەروەها ئیلۆت لە شیعرەکەیدا هیچ هیوایەک نابەخشێ بۆ داهاتوویەکی گەش بۆ مرۆڤایەتی، بگرە وێنەی جیهانێکی لەدەستچوومان بۆ بەرجەستە دەکا لە دەقەکەیدا) **(Birzo, 2020, 154)**. هەر لەبارەی شیعرەکەی ئیلۆتەوە "مۆڕاڵ" (Morrel)، دەڵێ: ((ئەو شیعرەی ئیلۆت ڕاستەوخۆ کاردانەوەی ئیلۆتە بەرانبەر بە لێکترازانی مرۆڤ لە ژینگە و سروشتدا)) **.(Morrel, 2007, 15)**

مرۆڤ سەنتەرە، یان بیرۆکەی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر هەموو شتێک، یان هەموو شتێک بۆ مرۆڤ دروستکراوە و لەژێر ڕکێفی مرۆڤە لە دنیای هاوچەرخ و سەرمایەداریدا، هێندەی دیکە هێرش و دەست درێژییەکانی مرۆڤی بۆ سەر

ژینگە و سروشت زیادکردووە، تا ئاستی وێرانکاری و پیسبوونی ئاسمان و زەوی و تەنانەت ژێر زەوی و دەریا و زەریاکانیشی گرتەوە، چونکە ((ئەم قەیرانە تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی گەشەسەندنی شارستانییەتی مرۆڤ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، کە ئەویش بەرهەمی بیر و ڕوانینێکە، کە مرۆڤ لە تەوەری سەرەکی و لووتکەی دروستکراوەکانی جیهاندا دادەنێت و هەموو شتێ بۆ مرۆڤ و لە بەرژەوەندی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤدا دەخاتەڕوو، ئەو بیر و بۆچوونانەش کە ئەمڕۆ لە ڕەخنەی شوێنگەرایی دژی دەوەستێت و ڕەتیدەکاتەوە)). **(پارساپور، ١٣٩٢، ٢٧).**

مرۆڤ لە ئێستادا بەجۆرێک کار دەکات هەوڵدەدات هەموو شتێک لەهەر شوێنێک بێت بۆخۆی قۆرخی بکات و دەستی بەسەردا بگرێ و لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاری بهێنێ، ئەمەش لەسەر حیسابی سروشت و ژینگە و دەوروبەرەکەی، بەتایبەتی مرۆڤ دوای سەرمایەداری و کاپیتالیزم. بۆیە پێویستە لە ئێستادا شکۆمەندی و بەها بۆ ژینگە و سروشت بگەڕێتەوە و سنوورێک بۆ ئەم ستەم و زۆرداریەی مرۆڤ بەرانبەر گیانلەوەران و تەنانەت خودی خۆی دابنرێت.

لەم ڕوانگەیەوە "ئەزراپاواند" (Ezra pound) شاعیر و ڕەخنەگری ئەمریکی لەبارەی ئیکۆلۆژی و سروشت و شیعری هاوچەرخەوە هەمیشە بۆچوونی تایبەت و گرینگی هەبووە لەسەر ئیکۆلۆژی، هەروەها یەکێکە لەو شاعیرە مۆدێرنە ئەمریکیانەی کە هەمیشە بەجۆرێک ژینگە و سروشتی خستووەتەڕوو و هاوتای بابەتی یەکبوونی سروشت و مرۆڤە، بەجۆرێک مرۆڤ بەشێکە لە سروشت، کاتێ، دەڵێت: (مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە دڵخۆش دەبێ، کە ئەو ڕاستییە قبوڵ بکا، کە بەشێکە لە سروشت) **(Birzo, 2020,155)**. واتە مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکییە لە ژینگەدا، نەک زیاتر، یان باڵاتر بێت، بەڵکو

پێکهاتەیەکی تۆڕی سروشتییە، بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی ڕەوشتی و پێویستی هەڵسوکەوتی دروست لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا بکات، کە تیایدا دەژی و بەکاریدەهێنێ. ئەمەش بەتایبەتی لە یەکێک لەبەرچاوترین کارەکانی "پاوەند" شیعری لە ( وێستگەی میترۆ)دا بوو ڕەنگیدابوویەوە، ئەگەرچی شیعرەکە تەنیا دوو دێڕ بوو، بەڵام کۆمەڵێک لە دەلالەت و مانای قووڵ و شاراوەی لەخۆ گرتووە، چونکە شاعیر پێیوایە هەر چەندە تەکنەلۆژیا و ژیان و شارستانییەت لە پێشکەوتنی بەردەوامدابن، بەڵام ناتوانن هەستی یەکگرتن و حاڵەتی دەروونی و دڵی مرۆڤەکان خۆش بکا، بۆیە بەم شێوەیە مرۆڤ بە لەدەستدانی پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا، مرۆڤ دڵخۆشی خۆی لەدەست دەدات.

کەواتە شاعیرانی هاوچەرخی جیهانی بەجۆرێکی نوێ و لە ڕوانگەیەکی سروشت و ژینگەی جیاوازەوە کار لەسەر بەرهەمهێنان و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە سروشت و ژینگەییەکاندا دەکەن.

شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش، بەتایبەتی قۆناغی دوای نوێبوونەوەی "پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووری و دڵدار....تاد." قۆناغێکی دیکە لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەست پێدەکات، ئەویش قۆناغی نوێگەری بزووتنەوەی ئەدەبی روانگەی دوایی روانگەییەکانە.

**شیعری هاوچەرخی کوردی** بە ئاراستەیەکی دیکە و لە روانگەی جیاواز لێکدانەوەی بۆ دەقی ئەدەب و داهێنانی ئەدەبی دەکرد، هەوڵیاندەدا خۆیان لە قاڵبی کۆن و سواوی کلاسیکی دەرباز بکەن، هەروەک روانگەییەکان خۆیان، دەڵێن: (( ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەب ئەم سەردەمەمان، کوتومت لەگەڵ ڕێڕەوی سەدەی تازە و بابەتەکانی ئەستاتێکی و هونەری بگونجێنێت و ئاوێنەی هەموو ئازار و ئاواتێکی کۆمەڵگەی کورد بەتایبەتی و کۆمەڵگەی گشت مرۆڤایەتی بێت. ئەمانەوێت ئەو تەوقە ڕزیوانە بشکێنین کە شێوە و

ناوەرۆکی ئەدەبی دەکەن بە مۆمیایەکی بێ بزووتنەوەی مردووی لەش سارد و سڕ، ئەمانەویت لەو تاقیکردنەوانەدا بژین کە لەناو جەرگەی کارەسات و ڕووداوەکانی سەردەمی تازەماندا داڕێژرابن و...تاد) **(عارف، ٢٠٠٥، ٩).**

ئەگەر لەم بەیاننامە و ڕوانگەی ڕوانگەییەکانەوە سەیر بکەین، ئەوا هەست بەوە دەکەین ئیتر باسکردن و خستنەڕووی سروشت و ژینگە و هەست و خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤی کورد و ئێش و ئازارە نەتەوەییەکان پێویستی بە دید و بۆچوونی نوێ و سەردەمیانەیە، تاوەکو لەتەوژمی دەقی جیهانی و بەرپرسیارێتیە مرۆڤایەتییەکە دانەبڕێن، بۆیە کار و بەرنامەی ئەم بزووتنەوە دەبێتە بەشێک لە سەرهەڵدانی دەقی ئیکۆلۆژی و بابەتی سروشتی و ژینگە، بەتایبەتی ئەو ژینگەیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئابووری و سیاسی و هەژاری و ئێش و ئازاری نەتەوەیەوە هەیە، کە ئەمەش دەچێتە خانەی ئیکۆلۆژیی قووڵ، کە کار لەسەر کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە لەناو دەقی ئەدەبی دەکات، بەتایبەتی کاتێ، دەڵێن: (قوتابخانەی ئێمە قوتابخانەی نەتەوە و ژیانە، قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێلکراوی ناو ئەم جیهانەیە...، نووسەر و شاعیری ئەمڕۆ، شانبەشانی پیشەی نووسین و شیعروتنی کارگێڕیشە ...شۆڕشگێڕیشە ... جەنگاوەریشە، ئەو تاقیکردنەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەدیبی تیا ئەژی و لە کوورەی بەسەرهات و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات ...، ئێمە نووسینمان قاڵبی ئازارە، بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێین...) **(عارف، ٢٠٠٥، ١٠-١١).**

بۆیە شیعری نوێی ئەم قۆناغە هەوڵیدا لە وەسف و خستنەڕووی سادە و ساکاری دەقی ئەدەبی و نیشاندانی شێوەیەکی فۆتۆگرافی خۆی بەدووربگرێت و ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت و تێکەڵ بە ئێش و ئازار و ستەم و زۆرداری نەتەوەکەی ببێت و بەرەو قووڵایی ناخ و هەستی کۆمەڵگە بچێت و کار لەسەر

چەمکە فەلسەفییە جیهانییەکانی، وەک سەربەستی و ئاشتی و ئازادی و نەتەوە و دەوڵەت و خود ئاسوودەیی و پاراستن و یەکتر قبووڵکردن بچێت و جیاوازییە ئایینی و نەتەوەیی و رەگەزییەکان کەمبکاتەوە، هەروەها شاعیرانمان لە شیعرەکانیاندا هەوڵیانداوە هەموو جۆرەکانی سروشت بێ گیان وەکو ئاسمان و رۆژ و مانگ، ئەستێرە و شەو، زەوی و چیا و گرد و دەشت و ئەشکەوت،...تاد، رووەکەکان و دەریا و تاڤگە و رووبار و هاوین و زستان و بەهار، پایز، ئاژەڵ و گیانلەبەری ماڵی و کێوی وەک ((ئاسک و مەیموون و دووپشک، یان گیانداری ماڵی وەک سەگ و پشیلە و مەڕ و کار و بەرخ و باڵندە و بولبول و چۆلەکە، هەڵۆ و کۆتر و قاز و مراوی ....، گیانداری ئاویش وەک ماسی ....، زیندەوەرانیش وەک: مێروو و مێشوولە و پەپوولە و هەنگ ...تاد)) **(کاکە ئەمین، ٢٠٠٨، ١٤٠)**

کەواتە هەوڵیانداوە لەدروستکردن و نەخشاندنی وێنە شیعرییەکان هیچ لایەنێکی ژینگە و پێکهاتەکەی بێبەش نەکەن و بیخەنە ناو دەقە ئەدەبییەکانەوە و لەپاڵ ئەوەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بووینە مرۆڤ و سروشت لەگەڵ یەکتر ئاشت بکەینەوە و خەم و ئێش و ئازاری نەتەوەیان پێکەم بکەنەوە لەهەندێک کاتدا هێما و دەلالەتێکی ڕەمزییان پێبەخشیوە، لەم بارەیەوە "دڵشاد عەلی"، دەڵێ: ((ڕەنگدانەوەی سروشت و دیمەنەکانی بریتیی بوو لە تابلۆی کوردستان خۆی و لایەنێکی خۆشەویستی شاعیرەکانمان پیشان ئەدا بەرانبەر بەنیشتیمان، خۆ ئەگەر لەهەندێ هۆنراوەشدا هەبێ بێگومان لای گەلێکیان بەدی ئەکەین، جۆرە هەڵهاتن و خۆ دوورخستنەوە لە ژیان سەری هەڵدابێ، ئەوا دیسان هەر پەیوەند بووە بەمیللەتەوە، چونکە ئەوەی پاڵی پێوە نابوون و وای لێکردبوون کە خۆیان بخەنە باوەشی سروشتەوە ئەو ئازار و دەردەسەریە بوو کە گەلەکەیانی تێکەوتبوو، ئەمەش ئەگەر جۆرە ڕاکردنێکیش بێ ئەوا هەر جیاوازە لەو

هەڵهاتنەی کە لای شاعیرە ئەورووپییەکان بەدی ئەکەین، چونکە ئەوەی ئەوان پەیوەندبووە بەچینی بۆرجوازییەوە، لەکاتێکدا لای ئێمە بەسترابوو بە گەل و نیشتیمانەوە)) **(عەلی، ١٩٨١، ١٣).** ئەم رەوتە کاریگەری خستەسەر بەرهەم و شاعیر و نووسەرانی دوای خۆی و بەتایبەتی شاعیرانی حەفتا و هەشتای سەدەی رابردوو تادەگاتە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) تاڕادەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین نەوەی شەست و حەفتاکان تا نزیک ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان نەوەی ناو ئاگر و ئاسنی شۆڕشی کورد و هەرەسهێنان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و سەرکوتکردن و ئەنفال و کیمیا باران و ڕاگواستن و تێکچوون و وێرانکاریی سەدان گوند و شار و شارۆچکەی کوردستانن، بۆیە بەجۆرێک دەیاننووسی سروشت و ژینگەی دەوروبەریان لە مەبەست و مەرامە سیاسی و نەتەوایەتی و دژایەتیکردنی حوکمی زۆردارانەی رژێمە یەک بە دوایەکەکانی عێراق بووە، بەجۆرێک تەنانەت بەکارهێنانی چیا و دۆڵ و دەشت و ئاو و رووبار و کانی، دار و درەخت ...تاد، لە بەرگێکی بەرگری و سمبۆڵ و رەمزی نەتەوەیی و بەرخودانی کوردایەتی خرابوونەڕوو، ئەمەش لە شیعرەکانی ***(جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، ئەنوەر قادر محەمەد، شەپۆل پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد مەریوانی، سەڵاح شوان، سەلام محەمەد، فەرهاد شاکەلی، رەفیق سابیر.....تاد)***، دەبیندرا ئەم ئەزموونە شیعریە بەردەوام بوو، چەندین شاعیری لاو و تازە هەڵکەوتووش چوونە سەر ئەم رێچکە نوێیە، ئەمەش بەردەوامبوون تا ڕاپەرین و ئازادکردنی کوردستان ئیتر لەمە بەدواوە کوردستان و جیهان گۆڕانکاری جەوهەری بەسەر داهات لە زۆر ڕووەوە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، وەک: تەکنەلۆژیا و بواری سیاسی و رامیاری، ئابووری و جوگرافی و ئایینی و شارستانی و کلتووری و ...تاد، بەمەش کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوە کرایەوە و تا ڕادەیەکی باش

کەوتە ژێر ئەزموون و کاریگەریی وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکیش لەهەموو بوارێکەوە بەتایبەتی ئەدەب و ئەدەبیاتەوە، جگە لە بەدەستهێنانی ئازادیی و سەربەستی بۆ ئەم بەشەی کوردستان و فراوانبوونی ئازادیی ڕادەربڕین و بەرەوپێشچوونی چاپ و چاپخانە و زیادبوونی دەزگاکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە و باشتربوونی باری ئابووریی خەڵک و بڵاوکراوەی کتێب و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبیی و ...تاد، بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و ڕوانگەی نوێی ئەدەبی و دەرکەوتنی شاعیران و نووسەرانی گەنج و بەردەوامی هەندێ لە شاعیرانی نەوەی پێشوو، بە فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ و جیاواز لە قۆناغەکانی پێش خۆیان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان دەقی ئەدەبیی داهێنەرانە و وێنە و تابلۆی هونەری و ئەدەبی لێوانلێو لە چێژ و سەلیقەی ئەدەبی، بەمەش ژینگە و سروشت بەچاوێکی دیکە و لە ڕوانگەیەکی دیکە مەزراندنی ناو دەقە ئەدەبییەکانیان کراوە، ئیتر سروشت تەنیا پیاهەڵدان و باسکردنی دار و بەرد و درەخت و چیا و کانی و ئاو و زەوی و ئاسمان و مانگ و ئەستێرە ...تاد نییە، بەڵکو سروشت دەبێتە ژینگە و تێکەڵ بە خەم و ئێش و ئازاری ژیان و شارستانییەت و کۆمەڵگە کراوە، کاتی ئەوە هاتووە بەها بە مرۆڤ و سروشت و ژینگە بدرێ، بە واتایەکی دیکە دەبێ بە جۆرێک کار لەسەر زەوی بکرێ، کە هەموو شتێک بەها و نرخ و قیمەتی خۆی بۆ بگەڕێتەوە و پێبدرێ، وەک: مرۆڤ و ئاژەڵەکان و باڵندە و گیاندارە ئاوییەکان و وشکاوییەکان و دارەکان و گەڵاکان تەنانەت ئامێری بێ گیانەکانیش دەبێتە بەشێکی گرینگ لەم ژینگەیدا، بۆیە بەتێکدان و پشتگوێخستنی هەر کامێکیان ئەویتریان زیانی پێدەگات بەجۆرێک ناهاوسەنگی ژینگەیی دروست دەبێت. ئەم ئیکۆسیستمە مەترسی دەکەوێتە سەر و دواجار بەخراپ و وێرانکاری سەرەتا بۆ خودی مرۆڤ و ئینجا ئەوانی دیکەی جگە لە مرۆڤ کۆتایی دێت.

## تەوەری سێیەم

## ڕەنگدانەوەی ئیکۆلۆژیا/ ژینگە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

دەبێت ئەوەمان لەبیربێ ئەم سەدەیە سەدەی ئاوابوونی مۆراڵ و بەها مرۆییەکانە و هەموو شتێک لە چاوی بەرژەوەندییەوە سەیر دەکرێ و نرخ و بەهای بۆ دادەندرێت، بەتایبەتی لە ئێستای دنیای زاڵی کۆلۆنالیزم و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەی کاپیتالیزم و پۆست کاپیتالیزم و دنیای چاوچنۆکی و دەستکەوتنی ماددی و داگیرکارێکی زۆری ئابوورییە، ئەمەش لەسەر پشتی سروشت و داگیرکردن و وێرانکاری ژینگەیەوە دەستبەرکراوە لەلایەن وڵاتانی بەرژەوەندخواز و زلهێزەکانەوە، بەتایبەت بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم، یان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، کورد و نەتەوەی کوردیش بەتایبەتی دوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)وە، ئەم داگیرکاری و قۆرخکارییە ماددی و بەرژەوەندییە لەلایەک لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە وەک ئەمریکا و ئەوروپا و رووسیا و تەنانەت تورکیا و ئێرانیشەوە، لەلایەکی دیکەشەوە لەلایەن حیزب و لایەنەکانی هەرێمی و ناوخۆیدا. بۆیە شاعیرانی ئەم نەوەیە هەستیان بەو زوڵم و زۆرداری و نەهامەتییە گەورەیە کردووە، کە خەریکە نەتەوە و وڵات و کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەبات، بەهەمان شێوەش ژینگە و سروشت و دار و بەرد و ئاو و کانی و رووبار و چیا و ئاسمان و زەوی بەسامانی سەرزەوی و ژێر زەوییەوە، لە بردن و تاڵانکردن و دەرهێنان و دەست درێژیکردن و هێرشی بەردەوام و بڕین و سووتان و...تاد، بەردەوامە و خەریکە تۆپۆگرافی کوردستان و ژینگەی کوردستان دەگۆڕێت و بەردەوامیشە، ئەم حاڵەتەش ئەگەر بۆ مرۆڤی ئاسایی و کۆمەڵگە تەنیا شتێک بێت و بخرێتە باس و خواسەوە و بە سادەیی لێبڕوانن، ئەوا بۆ رۆشنبیر و شاعیر و نووسەرانەوە شتێکی دیکەیە، بابەتێکە پەیوەندی بە داهاتووی نەک تەنیا نەتەوەی کوردەوە هەیە، بەڵکو شتێکی مرۆڤایەتییە و تەواوی جیهان دەخاتە بەر مەترسییەکی جدییەوە.

لەم سۆنگەیەوە چەندین نموونەی دەقی ئەدەبی ژینگەییمان هەیە، ژینگە چ وەک ژینگەی فیزیکی، یان ژینگە وەک کۆمەڵگە و سیاسەت و ژیان و شارستانییەت و تەنانەت ئیکۆسایکۆلۆژیش...تاد، دەقەکانیان بەرەو ئەم ئاراستە ژینگەییە دەچن و دەبن بە بەشێک لەمێژووی شیعری ئیکۆلۆژی، لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەدەبی کوردی دەخەینەڕوو، کە لەلایەن شاعیر و نووسەرانی جیاوازەوە هۆنراونەتەوە، ئەوەتا (کەژاڵ ئەحمەد) لە شیعرێکدا، دەڵێ:

**من جادەیەکم پێویستە**
**خاڵی بێ لە پەڵەی خوێن**
**جادەیەک کە هەرگیز تیرۆری نەدیبێ**
**نەیناسیبێ**
**بێ گەرد بێ ... بێگەرد ... بێ گەرد**
**وەک داوێنی ئەو کچانەی**
**بە ناهەق دەکوژرێن.** **(ئەحمەد،٢٠٠٠، ٤٣ )**

ئەگەر لەم شیعرەی سەرەوە بڕوانین یەکێکە لە شیعرەکانی شاعیرانی نوێ و نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکانی دوای ڕاپەڕین، هەندێک وشە و دەستەواژەی بەکارهێناوە و کردوویەتیە بنیاتی داهێنانی دەقەکە، وەک (جادە ، تیرۆر، بێگەرد، خوێن، داوێن، کوشتن، ناهەق ...)

شاعیر توانیویەتی پەیوەندییەکی هارمۆنی لەنێوان شەڕ و جەنگ و کاولکارییەکان لەلایەک، زوڵم و ستەمی زۆرداری بەرانبەر بە ئافرەتانی کورد لەلایەکی دیکە دروست بکات، کە ئەویش کاریگەری و پەیوەندییەکی نەرێنییە. بەمەش دەقەکە بووەتە دەقێکی تەواو ئیکۆلۆژی بەتایبەتی ئیکۆلۆژیای قووڵ، کە راستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەت و جەنگ بەتایبەتی و کۆمەڵگە بە گشتییەوە هەیە، نووسەر وەک فیمینیستێک دەیەوێ ئێش و ئازاری

ژن بگەیەنێ کە خۆی ئافرەتە بەمەش دەقێکی ئیکۆفیمینیزمی بەرهەمهێناوە و تەواو لە دەقێکی ئیکۆلۆژی نزیکبووەتەوە، لێرەدا جەمسەری سەرەکی ئەم دەقە ژنە، واتە ژن و ئێش و ئازاری ژن بووەتە چەق، کە سروشتی وەک بەشێک لە ژیانی کچانی کورد خراوەتەڕوو، هەروەها بەهۆی بوونی ژینگەیەکی خراپ بووەتە قوربانی دەستی دابونەریت و بە ناوی شەرەف و کەرامەتەوە دەکوژرێ و لەناو دەبردرێ و ماف و ئازادییەکانی لێ زەوت دەکرێ. یان لەشوێنێکی دیکە، دەڵێ:

**چاوەڕوانیی من بۆ نەهاتوویەک**
**چاوەڕوانیەک تەواو هەڵەبجەیی**
**چاوەڕوانیەکە تەواو ئەنفالیی**
**چاوەڕوانیەکە تەواو کۆڕەویی**
**چاوەڕوانیەکە تەواو زیندانیی**
**چاوەڕوانیەکە تەواو بێوەژنی**
**چاوەڕوانیەکە تەواو شەهیدیی.... (ئەحمەد، ٢٠٠١)**

ئەم دەقەی کەژاڵ بەجۆرێک وێناکراوە هەڵگری کۆمەڵێک واتا و دەلالەتی جیاواز و کۆمەڵێک ڕەهەند لەخۆ دەگرێ، وەک: (ئەنفال، هەڵەبجە، کیمیاباران، کۆڕەو، مەرگ، جەنگ، کاولکاری، هەتیوی، بێ باوکی، گرتن، کوشتن، بڕین، وێرانکاری، گۆڕینی تۆپۆگرافیا، ئاوارەیی،.....تاد) کە ئەمانەش هەموو دەبێتە ناوەڕۆکێکی لێوانلێو لە ئیکۆلۆژی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کاپیتالیزم، شەڕ و جەنگ و...، چونکە کیمیابارانی هەڵەبجە واتە کوشتن و وێرانکردنی مرۆڤ و شوێن و زیندەوەر و بێ گیان و بەگیان و دار و بەرد و درەخت و ئاژەڵ و رووبار و دەریا و زەوی و وشکانی و ئاسمان.....تاد، بۆیە شاعیر هەر یەکێک لەم چەمک و وشە و دەستەواژانەی کردوویەتییە هەوێنی ئەم دەقە، بابەتی سەرەکی رەخنەی ئیکۆلۆژی و دەقی ئیکۆلۆژین.

تاڕادەیەکی بەرچاو شاعیرانی شیعری هاوچەرخی کوردی توانیویانە خۆیان لە کۆمەڵێک باس و خواسی سواوی تەقلیدی لابدەن و بەڕوانگەیەکی جیهانی و چاویلکەیەکی ئێستێتیکی و لە قاڵبێکی هونەریی بەرز و زمانێکی جوان و تۆکمەی ئەدەب بەرەو جیهانی سروشت و ژینگە بڕۆن و لەناو دەقەکانیان تەوزیفی بکەن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم دەقەی خوارەوەی (جەمال غەمبار) بکەین، کە چۆن سروشت و پێکهاتە سروشتییەکان بەجۆرێکی ژینگەیی و مەرام و مەبەستێکی دیکە دەخاتە بەرگی وێنەی دەقێکی هونەری، کاتێ دەڵێ:

**کێ ڕووبارەکانی پڕ لە گەوجێتی و**
**کۆترەکانی فێری فسکە فسک و**
**درەختەکانی وا ڕاهێنا**
**ڕاپۆرت لەیەکتری بدەن (غەمبار،١٩٩٥، ؟)**

شاعیر بە بەکارهێنانی وشەکانی (ڕووبار، کۆتر، درەختەکان ) کە ژینگەی سروشتین لە بەرانبەر وشەکانی (کێ) کە (مرۆڤە)، ڕاپۆرت نووسین ، فیسکە فیسک...) ئەمانەش دەلالەتی مرۆڤن، لێرەدا شاعیر واتا و دەلالەتی فەرهەنگی بە سروشت وەک (ڕووبار و کۆتر و درەخت) کە لە فەرهەنگدا چۆنە نەداوە، بەواتایەکی دیکە ئەم وشانە هاوشێوەی شاعیرانی کلاسیک و نەوەی یەکەمی شیعری نوێ نەهاتووە تەنیا سروشت لە قاڵبە جوانی و دڵڕفێنەکەی بخاتەڕوو، بەڵکو باس لە بابەتێکی جەوهەری گرینگ و چارەنووس خواز دەکات ئەویش وێرانکاری و پیسبوونی ژینگەیە لەلایەنی خودی مرۆڤەوە، چونکە شاعیر بە پرسیاری بەلاغی دەست پێدەکات و ئاراستەی ڕووی دەمی دەکاتە ڕای گشتی و خوێنەر، کە دەڵێ: ( کێ ڕووبارەکانی پڕ لە گەوجێتی و کۆترەکان... و درەختەکان...) فێرە ئەو شتانە کردووە؟ لێرەدا کاریگەری مرۆڤ و خراپی

ئایدۆلۆژیا و خیانەت و خۆفرۆشی و جاسووسی مرۆڤەکان لەنێوان یەکتر بەجۆرێک خەریکە ڕەگ دادەکوتێ تەنانەت کاریگەری لەسەر ژینگە و سروشتیش دەبێ، رووبارەکان و کۆترەکان و درەختەکانیش ...تاد دەبنە بەشێک لەم خۆخۆری و زوڵم و زۆرداریەی مرۆڤەکان، لێرەشدا دەبێتە قۆناغێکی دووەمی ئیکۆلۆژی ئەویش کاریگەری خراپی مرۆڤە لەسەر ئیکۆلۆژیادا و تێکدانی ئیکۆسیستەمی ژیانە بەگشتی.

هەروەها **(ڕەفیق سابیر)** لە شیعری (لاوکی هەڵەبجە)دا، کە یەکێکە لە شیعرە دیارەکانی ئەم شاعیرە، ڕەگەز و پێکهاتە سروشتییەکان بەجۆرێک بوونەتە هۆی دروستبوون و داهێنانی ئەم دەقە، ئەگەر بێتوو ئەم وشە و دەستەواژانە لابدەین جگە لە چەند ڕستەیەکی ئاسایی شتێکی وامان بۆ نامێنێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم پێکهاتە سروشتی و ئیکۆلۆژیانەی ناو دەقەکە بەشێوەیەکی میتافۆڕ و ڕەمز ئامێز بەکارهاتوون بەمەش بنیاتێکی قووڵیان پێکهێناوە، وشەکانی وەکو: (زریان – شەو – سەوزایی – دارستان – تەم و مژ – مانگەشەو – شەپۆڵ – برووسکە – شار – باران – منداڵ – ئەسپ – هەتاو – تیشک – سەرزەمین – گوڵ – پەلکەزێڕینە – با – کێڵگە – گوڵەگەنم – سووتان – درەختی خۆڵ – بنار – ئەشکەوت – خوێن – رووبار – سەراب – تێنوویەتی – ئاو – گوللەیەک – لووتکە – فڕۆکەکان – چیا – تاوێرەکان – لەشکری داگیرکەران – تاریکایی – گژوگیا – دارستان – ئاسمان – زەردەگەڵا – ساچمە – ژەهراوی – تەرم – پیاوکوژ – پۆستاڵ – ئاڵا – برین – لافاو – دووکەڵ – ژان – ئازار ...تاد) ئەمانە و چەندین وشە و دەستەواژەی دیکە لەناو ئەم دەقی شیعریەدا بوونیان هەیە، ئەوەتا شاعیر دەڵێ:

**بەتەنیا جێی مەهێڵن**

**ئەمشەو زریان دەیچێنێت**

**تەمومژ دایدەپۆشێت**
**مانگەشەو دەیرفێنێت**
**گەرووی بە گزنگ تەڕکەن**
**زامەکانی بە شیلان**
**بە گۆرانی دایپۆشن**
**یان بە سۆزەیی دارستان ..... (١٠٧)**

**فڕۆکەکان لەناکاو دێن**
**رووتین، خۆمان بە گژوگیا و**
**زەردە گەڵا و**
**بە ئاژاوە دادەپۆشین ..... (١١٤)**

**داگیرکەران بەنێو هاواردا ڕەت دەبن**
**پەلەیانە!**
**لە گردەکەی ئەو بەرەوە –لەنێو گەردداا**
**ئاوا دەبن**
**پەلەیانە!**
**لەدوای خۆیان وەکو سەدان ساڵ لەمەوبەر**
**شوێن پۆستاڵ و**
**پەڵەی خۆڵەمێشی و ئاڵ و**
**بۆگەنیوی هەناسە و ئارەقە و ڕۆحیان**
**جێدەهێڵن ..... (١١٩)      (سابیر، ب٢، ١٩٩٠: ١٠٧-١١٤-١١٩)**

بەمەش دەبێتە یەکێک لە دەقە ئیکۆلۆژییە پڕ ئێستێتیکییەکانی دەقی کوردی ئەم قۆناغە، بێگومان ئەم بارودۆخە خراپ و نەخوازراوانەی نەتەوەکەمان کە هەمیشە بە درێژایی مێژوو بەسەریدا سەپاوە، یان هاتووە، وایکردووە هەمیشە دەقی ئەدەبی کوردی بەشێک بێت لە دەقی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی هەموو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئابووری و ڕامیاری ...تاد لەخۆبگرێ، بۆ ئەو نەتەوە و میللەتانەی هاوشێوەی کورد بێ کیان و دەوڵەتی سەربەخۆن هەمیشە ئیکۆلۆژییان قووڵ بە هەموو جۆر و ڕەهەندەکانییەوە زیاتر و زاڵە لە ئیکۆلۆژییە فیزیکییەکە، تەنانەت ئەگەر باس لە سروشت و ئیکولۆژیای فیزیکیش بکرێ لەناو دەقەکانیاندا، ئەوا لە چوارچێوە و بۆ مەرام و مەبەستی گەیاندنی بارودۆخە سیاسی و هەستە نەتەوەییەکەیە، بەشێوەیەکی ڕەمزی و هێما و میتافۆری هونەری بەتایبەتی شاعیرانی دوای ڕاپەڕین تا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم.

هەروەها دلاوەر قەرەداغی لەم شیعرەدا، دەڵێ:

**ڕێکەوتی چۆڵەکەکان دەکەم**
**چاو بە چواردەور و**
**خوار ژووری خۆمدا دەگێڕم و**
**بە ئاماژەی دەست**
**تێیان دەگەیەنم:**
**شوێنێکی جوان شک دەبەم بۆ خوێندن**
**پەلە پەل بە قوڕگێکی پڕ لە تەمەوە**
**دەجریوێنن: لەکوێ؟**
**بەچرپە پێیان دەڵێم:**
**بابڕۆین پێکەوە ... وەرن لەگەڵم**
**بۆ حەوشەی پشتەوەی دڵم        ( قەرەداغی، ٢٠٢٠:٧٨٠)**

شاعیر بەجۆرێکی ژینگە دۆستی و ژینگە پارێزییەوە، دەیەوێ ئەوەمان تێبگەینێ کە مەترسییەکانی سەر ئیکۆلۆژی بەگشتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونن و خەریکە وێرانکاری گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەجۆرێکە تەنانەت باڵندەکانیش شوێنێکی ئارام و ئاسوودەیان نییە بۆ حەوانەوە و بەختەوەری ئەمەش لەوەوە هەستی پێدەکەین کاتێ چۆلەکەکان بەسەرسووڕمانەوە دەپرسن ئەو شوێنە کێیە؟! لە کوێیە؟! وەک ئەوەی پێمان بڵێن: بۆ مرۆڤ و چاوبرسییەتی و داگیرکارییەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانج و سەرمایەکی زۆر و دەست بەسەرداگرتن و وێرانکارییە زۆرەکانی هیچ شوێنێکی بۆ ژیان و ئاسوودەیی هێشتووتەوە؟!

هەروەها (لەتیف هەڵمەت)ی، شاعیریش، چەندین دەقی ژینگەیی هەیە، بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیە کردووە، وەک لە شیعری ( شەڕی سێیەمی جیهانی)دا، دەڵێ:

**دارستانە قژ سەوزەکە شەو بەبێ دەنگ**
**ڕەگەکانی خۆی هەڵڕنی و**
**دامێنی خۆی**
**کرد بە چەمی ئاگری ژەنگ**
**کاتێ زانی**
**کە بەیانی**
**دارەکانی**
**دەبڕن و دەیکەن بە قۆناخە تفەنگ**
**بۆ سێیەم جەنگ....** **(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٦٢٤-٦٢٥).**

ئەگەر لەم دەقەی سەرەوە بڕوانین، دەبینین کە چۆن شاعیر وێنەیەکی پڕ لە ژینگەیی و ئیکۆلۆژیمان بۆ دەهۆنێتەوە و مەترسییەکانی جەنگ و کاریگەرییە

خراپەکانیمان بۆ دەخاتەڕوو، ئەویش زەرەرمەندی یەکەم جیهانی سێیەمە، کە ئێمەمانانین، بێگومان ئەویش لەسەر دەستی مرۆڤ و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و کاپیتالیزم و کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و ئەمەریکییە. بەهەموو شێوەیەک داگیرت دەکەن لە ڕووی هزری و کلتووری و سروشتی و ژینگەییەوە، ئەوەتا دارودرەخت و دارستانەکانیشمان دەڕووتێننەوە و دەیکەن بە کەرەستەکانی جەنگ و دواجار هەر ئەم نەتەوانەشی پێدەکەنە ئامانج. شەڕ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ماڵوێرانی و تێکدانی ژینگە و کاریگەری درێژخایەنی لەسەر جێدەهێڵێت، چونکە ( لە حاڵێکدا شەڕ بەتەنیا ئەندازەی هەموو بەڵا و نەخۆشییەکانی سەر زەوی قوربانی لێکەوتووەتەوە و ماڵوێرانی نەقوستانی پێکهێناوە و دروستکردووە...). **( باڵەکی، ٢٠١٥، ١٣).**

هەروەها ( قوبادی جەلی زادە) لە شیعری ( نزای بوونەوەر) دا، دەڵێ:

**ئەنفال**
**دار**
**دارێک.. بارەشێک**
**پەلی داوەتە بەر زەبری تەوری**
**دارێک ددانی مشاری کرمێک**
**کەڵبەی ناوەتە ڕیشاڵی عومری**
**ئەو دارە هەمووی نیوەشەوانێک**
**دوو لقی نزا**
**وەک هەردوو دەستی حەزرەتی ئەییوب.....(جەلی زادە، ٢٠٠٧، ٢٠٣).**

ئەمە و چەندین دەقی دیکەی ئیکۆلۆژی لە هەردوو جۆری ئیکۆلۆژی فیزیکی و ئیکۆلۆژی قووڵ لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بوونیان هەیە و دەتوانین بیاندۆزینەوە هیچ شاعیر، یان نووسەرێک نییە ئەم جۆرە دەقە

ئیكۆلۆژیانەی نەبێت، جا بە ئاگاییەوە بووبێت، یانیش بەشێوەیەكی خۆڕسك و بارودۆخی ژینگەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هۆشیاری و.....تاد، وای لێكردبێ ئەم دەقانە بەرهەمبهێنێ، ئەگەر سەیر بكەین سروشت و ژینگە لەم قۆناغەدا جیاوازە لەگەڵ قۆناغی پێش روانگە هەندێك لە دەقەكانی سەردەمی روانگەش، چونكە ئەوانەی پێشتر زیاتر سروشتیان وەك دیمەنێكی جوان و دڵڕفێن و تێكەڵكردن لەگەڵ جوانی یار و هەندێك جار نەتەوە و ڕەمزە گشتییەكان دەكرد بەجۆرێك كەمتر بەرەو ژینگە و مەترسییەكانی ژینگە دەچوون، چونكە ئەوەی دەبێتە میكانیزم و تایبەتمەندی دیاری ئیكۆلۆژی ئەوەیە، كە سروشت و ژیان و پێكهاتەی ئەم سروشتە بە مرۆڤ و غەیرە مرۆڤەوە تووشی مەترسی و هەڕەشە و كاولكاری زۆر دەبێتەوە، بەجۆرێك دواجار مرۆڤ بەپلەی یەكەم زەرەرمەندی یەكەم دەبێت دواتر گیانلەبەرانی دیكەشی كە مرۆڤ خۆی بەرهەمهێنی ئەم كاولكارییەیە، لەكاتێكدا لە دەقی كۆن و تەنانەت ڕۆمانسییەكانیش كە سروشتیان كردبووە سەنتەری بەرهەمەكانیان وەك رۆسۆ، دەڵێ: (ڕۆمانسییەت گەڕانەوەیە بۆ سروشت) **(پیربال، ٢٠٠٤، ٥٧)**، زۆر رووبەڕووی ئەم مەترسییە و پیسبوون و كاولكارییەی سروشت و ژینگە نەبوونەتەوە، تا ڕادەیەك شیعری رۆمانسی لە هۆكارەكانی كاولكاری و مەترسییەكانی ئەو هەڕەشەیە دوورن، بەڵام شیعری هاوچەرخ و پۆست مۆدێرنییەتی جیهانی و كوردیش لە ڕوانگەیەكی دیكەوە لەم بابەتە دەڕوانن و زیاتر بەرەو قووڵبوونەوەی مەترسییەكان و كێشە جیهانییە هاوبەشەكان دەچن، كە ژینگە و مەترسییەكانی ژینگە و پیسبوون و جەنگ و داگیركاری.....تاد، بەشێكن لەو كێشە و گرفتانە.

## ئەنجام

١- ئیکۆلۆژیا و قەیرانەکانی ئیکۆلۆژی لە ئێستادا بووەتە بابەتێکی جیهانی و لە سنووری ناوچەیی و هەرێمیدا، نەماوەتەوە و هەموو بوارەکانی دیکەی توێژینەوەی، وەک: سیاسی، ئابووری، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئاینی......، دواجار ئەدەبیاتیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

٢- چاوچنۆکی و داگیرکارییەکانی مرۆڤ و جەنگە یەک بەدوا یەکەکانی جیهانی و ناوخۆیی، بەتایبەتی دوای کاپیتالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، تەکنەلۆژیای پێشکەوتنی شارستانییەت، وێرانکارییەکان چەند هێندەی پێشوو زیادیان کرد بۆ سەر سروشت و ژینگە و ئیکۆسیستەمەوە. بەجۆرێک تەندروستی و لەناوچوونی مرۆڤ و گیانەوەرانی دیکەی خستووەتە مەترسییەوە.

٣- شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش هەوڵیانداوە و کاریان بۆ ئەوە کردووە، کە هاوشانی زانستی ژینگەناسی و ژینگەپارێزان، کۆمەڵگە لەو مەترسییە جدییە ئاگادار بکەنەوە، بەجۆرێک هۆشیاری ژینگەیی لە بەرهەمەکانیان بکەنە ئامانجی سەرەکییان.

٤- ئەم دەقانەی بەنموونە وەرمانگرتوون، هەڵگری چەمک و دەلالەتی ژینگەیی فیزیکی و ژینگەیی قووڵن، کە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوە و کاریگەری ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کوردیان لەخۆ گرتووە، نیشاندانی کەتواری کۆمەڵگەی کوردین، بۆنموونە: دەقەکانی کەژاڵ، هەڵگری ژینگەی فیمینیزمین، کە ئاراستەیەکی دیکەی رەخنەی ژینگەیە، دەقەکانی (لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە، جەماڵ غەمبار، رەفیق سابیر، دلاوەر قەرەداغی) هەڵگری چەمکی ژینگەی کۆمەڵایەتی و جەنگ و داگیرکاری و سیاسین.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکردنەوەی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

٢. ئانتۆنی گیدێنز، گاستۆن بوتول، حسین بشریە، و. باڵەکی عومەر (٢٠١٥) مێژووی شەڕ، pdf.

٣. بایز، ئەرسەلان (٢٠١٣) سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، ١٩٩٢-٢٠٠٢ لە نموونە شیعرەکانی کوردستانی نوێ، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٤. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٤) ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥. جەلی زادە، قوباد (٢٠٠٧) شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٦. ربیع، عادل مشعان. و. ئەحمەد عەلی ئەحمەد (٢٠١٤)، هۆشیاری ژینگەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٧. سابیر، ڕەفیق (٢٠١٣) (دیوان) بەرگی دووەم، چاپخانەی بەرێوەبەرایەتی کتێبخانەی سلێمانی، سلێمانی.

٨. سلێمان، محەمەد مەحمود و ئاسۆ وەهاب و رزگار فایەق (٢٠١٣)، جوگرافیا و ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٩. عارف، حوسێن (٢٠٠٥) ڕوانگە و یاران و نەیارانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١٠. علی، دڵشاد (١٩٨١) دیلان و شاعیر و نوێخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

١١. عزیز، فرهاد حسن (٢٠١٧)، ژینگە و پیسبوونی ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. کاکە ئەمین، حوسێن غازی (٢٠٠٨) نوێکردنەوە لە شیعری کوردی لەساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٣. هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥) دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٤. قەرەداغی، دلاوەر (٢٠٢٠) (دیوان)، لێرە و لەوێ باران دوورا و دوور هەتاو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١٥. ابن منظور (٢٠٠٣) لسان العرب، حرف الباء، المادة بوأ، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، دار صادر، بیروت، لبنان.

١٦. الجابري، خالد و مجموعة من الباحثين (٢٠٠١)، العوامل و الاشارات الاجتماعية لتلوث البيئة، بيت الحكمة، بغداد.

**سەرچاوەی فارسی:**

١٧. پاساپور، زهرا (١٣٩٢)، نقد بومگرا: ادبیات و محیط زیست، مشخصات نشر، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

18.Birzo Abdulkadir Mohammad (2019) The Ecocyitical Roots from Shakespeare to the present, PHD, Salahaddin university – Erbil.

19.Odum, J (1971) fundamen tals of Ecology. E.P.3ed. WBBc saunders co. London U.K.

20.Krebs, J. (1978). Ecology: The Experimental Analysis of Distribution Abundance Second Edition, Harper and Row Publishers U.S.A

21.Morrel, G. (2007). Language of the Non-speaking: Structure as Biophilic Voice and Source of Hope in T. S. Eliot‟s The Waste Land. Athens: The University of Georgia.

**گۆڤار و رۆژنامەکان:**

٢٢. غەمبار، جەمال (١٩٩٥) کوردستانی نوێ پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٩١٠ لە ١٩٩٥/٢/٩)، سلێمانی.

٢٣. کەژاڵ، ئەحمەد (٢٠٠١) پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٣٩) ٧/٥/ سلێمانی.

٢٤. کەژاڵ، ئەحمەد (٢٠٠٠) پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (١٦٩) ٨/٢٤/ سلێمانی.

## الملخص

## البيئة والطّبيعة في الشِّعر الكورديّ المعاصِر

هذا البحث يختصّ بدراسةِ النّقد البيئي، ولا شكّ أنّ هناك بَوْناً واسِعاً - فيما يتعلّق بالنّقد البيئيّ - بين نظريّاتِ الأدب الحديث والمعاصِر والتُّراث، ذلك لأنّ النّقدَ البيئيَّ له عَلاقة مباشرة مع الإيكولوجيا (علم البيئة). وقد ظهرَ النّقد البيئي في أواخِر السبعينيّات من القرنِ العشرين، وهو يُمثِّل جانباً من عمل البحثِ الّذي يختصّ بدراسةِ أدبياتِ البيئة الماديّة، وأدبيّات البيئة الاجتماعيّة. والنّقدُ الإيكولوجي (البيئيّ) - عمُوماً - يأخذُ بنظرِ الاعتبارِ الأزماتِ البيئيّةَ، وأبسطُ تعريف لهُ: هو دراسةُ علاقةِ الإنسانِ بمحيطِه، أو علاقة الأدب بالبيئة الماديّة بعد تفاقُمِ ظاهِرة التلوّثِ عالميّاً. فالنّقدُ البيئي يبحثُ في تاريخ البيئة المحيطة بالإنسان، مع دراسةِ التُّراث البيئي، ويقومُ برصدِ الآثارِ السلبيّة الّتي يتركُها الإنسانِ على البيئةِ ومكوّناتِها الماديّة، وقد أومأ البحثُ إلى أهميّة الرُّؤى البيئيّة وأثرها في العلومِ الإنسانيّة، فضلاً عن بيانِ الآراءِ المهمّة للباحثينَ الكورد والأجانِب حولَ مخاطِر البيئة الّتي تُواجِه العالَم اليوم، وكيف دُرِست في النّصُوص الأدبيّة الإبداعيّة بوصِفها موضُوعاً أدبيّاً، وما يهمُّنا في هذِه الدِّراسة النقديّة؛ أنْ نعرِفَ كيف أحسّتِ الأدبيّات الكورديّة والشُّعراء الكورد بالمخاطِر البيئيّة الّتي تسبّبَ بها الإنسان، وما زالَ عليها قائماً، وكيف تناولُوها في نصوصِهم الإبداعيّة.


**الكلمات الدالة:** البيئة، الطّبيعة، الأدب، الشعر الكوردي المعاصر، الأزمة البيئيّة.

## Abstract

## Ecology and Nature in the Contemporary Kurdish Poetry

This research which is entitled “Ecology and Nature in the Contemporary Kurdish Poetry’’ attempts to study the contemporary Kurdish poetry from an ecocritical point of view. Apparently, ecocriticism is a unique theory among other new literary theories because it has a direct relation to the science of ecology. Ecocriticism first appeared at the end of the twentieth century and it deals with the relationship between literature and physical social environment. An eco-critic deals with the environmental crisis and ecocriticism can be simply defined as the study of the relation between human and non-human beings along the history and human culture, also the negative effects on the environment and its structure by human being. In addition, this research despite of arguing the significance of the ecocritical views in the human sciences, briefly it points at some important views and belief of the Kurdish and foreign writers concerning today’s global threats towards the environment as they are presented in literature. Furthermore, it is important for us to know how such a serious and critical issue is dealt with in Kurdish literature and especially how it is touched and projected in the Kurdish poetry.


**Keywords:** ecology, nature, literature, contemporary Kurdish poetry, environmental crisis